بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

# تێکۆشان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافە رەواکانی و
رووخانی رژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی و پارلمانی تێدەکۆشین

دەورەی دووهەم، ساڵی بیست و سێهەم، ژمارە «١٣٢» ٣٠ی رێبەندانی ٢٧٠٧ی کوردی، ١٣٨٦ای کۆچی خۆری، ١٩ای فوریەی ٢٠٠٨ی زایینی

**خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان!**

**رژیمی سەرکوتگەری ئاخوندی هۆی سەرەکی دانەمەزراوی، ئازارەکان، هەژاری، فەساد، هەڵاوسانی ئابووری لە ئێراندایە. دەسەڵاتدارانی ئەو رژیمە بە پەنابردنە بەر تەواوی فێڵ و هەڵوێستە دژی ئینسانی و دژی ئیسلامی، سەرکوت هەوڵ دەدا درێژە بە دەسەڵاتی دواکەوتوانەیان بدەن.**

**یەکێك لە پیلانەکانی رژیم بەرێوەبردنی هەڵبژاردنی نمایشیە، کە بەو هۆیەوە، هەوڵ دەدا رەوایی بە دەسەڵاتی غەیرە دیموکراتیك و دژی خەڵکی بدا.**

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە داوا لە خەڵکی کوردستان دەکا بەشداری لە هەڵبژاردنی نمایشی مەجلیسی حەوتەم نەکەن.**

# یادی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە دژی رژیمی شاهەنشاهی

ئاشکرایە یادکردنەوەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، لە بەرانبەر رژیمی شادا پێویستە، چونکە لەلایەك ئاڵ و گۆڕێکی گرینگی سیاسی لە مێژووی ئێراندا هێنایە ئاراوە و دەسەڵاتی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهی کۆتایی پێ هێنا و ستەم و دڕندەیی و دیکتاتۆری تاکە کەسی شاهەنشاهی لە ناوبرد، و ماوەییێکی کەم هەل و مەرجێکی ئازاد لە ئێران جێگیر بوو، لەلاییێکی دیکەوە بیرەوەری هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی، مەزهەبی ووشکە کە ئامانجەکانی ئینتقلابی جەماوەریی لەلایەن، خومەینی و دەستەیەك ئاخوند بە فیرۆدا.

بە چاوخشاندنێك بە ٢٩ ساڵەی دەسەڵاتی ئاخوندەکان و بە تالآن بردنی ماف و ئازادیەکانی خەڵکی ئێران، بە روونی دەردەکەوێ خەڵکی ئێران دوای رزگار بوون لە دەسەڵاتی شاهی، کە سەرکوت و چەوسانەوەی چین و توێژەکان و نەتەوەکانی ئێرانی گرتبوە پێش، تووش دەسەڵاتێکی دەیان جار دڕندەتر و بێ بەزەییانەتر هات. دەسەڵاتێك کە بەوپەڕی بێ رەحمی، ماف و ئازادیەکانی خەڵك پێشێل دەکا. پیر و منداڵ لە بەر ستەم و بێ عەداڵەتی ئەو دەسەڵاتە ئاسوودە نین.

٢٩ ساڵە خەڵکی ئێران ئامانجی ڕاپەڕینە بەشکۆی ٢٢ی رێبەندانیان تەنیا بە یاد کردنەوە بۆ ماوەتەوە، کە بەو ڕاپەڕینە و ئاکامەکانی، بە هیوا بوون کۆتایی بە ستەم و ئازارە جۆراوجۆرەکانیان بێ. لە سایەی دەسەڵاتی ئاخوندەکانەوە لە کەم گەڕەك و ئاوایی هەیە، چەند کەسی بە دەستی دەسەڵاتداران ئێعدام نەکرا بێ، کەم خێزان هەیە یەکێك لە ئەندامانی لە چاڵە ڕەشەکانی دەسەڵاتداران نەبێ، کەم خانەوادە هەیە کەسێك یان چەند کەسی، خانەوادەکەی ئاوارەی دەستی ئەو رژیمە سەرکوتگەرە نەبێ.

دەسەڵاتی ئاخوندی هەژاری، گرانی، بێکاری، هەڵاوسانی ئابووری، فەساد و بێ متمانەیی بۆ خەڵکی ئێران بە دیاری هێنا، ئێستا ئێران یەکێك لەو وەڵاتانەیە کە فەساد هەموو ناوەند و دەستگایەکی حکومەتی گرتۆتەوە و رێژەی فەساد رۆژ لە دوای رۆژ لە بەرەو سەرچووندایە.

لە ماوەی ٢٩ ساڵ دەسەڵاتی ئاخوندیدا، ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەریك کەوتۆتەوە، دەسەڵاتە ناوچەیی و غەیرە ناوچەییەکان بە چاوی گومان لە ئێران دەروانن، رژیمی ئێران بە کردەوە دزێو و ناسیاسیەکان و هەروەها دەست تێوەردان لە کار و باری وەڵاتان وای کردوە، ئێران گۆشەگیر بکرێ و بەردەوام هەڕەشەی جیهانی لە سەر بێ. بە تالآن بردنی سەرمایەی خەڵکی ئێران لەلایەن ئاخوندانەوە و بەخشینی بە رێکخراو و دەستە ترۆریستیەکان و خەرج کردنی لە ئاژاوەگێڕی و کڕینی چەك و چۆڵی پێش کەوتوو هەروەها هەوڵ بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی، بەڕادەییێك زۆرە کە بوەتە هۆی هەژاریی تاقەت پڕوکێن رۆژ لە دوای رۆژ خەڵکی تووشی تەنگانەی زیاتر دەبێ.

بەو هەڵوێست و کردەوانەی دەسەڵاتداران، خەڵکی ئێران دڵیان بە ئینقلاب و سەرکەوتن بە سەر رژیمی شادا خۆش لانیە، بێ گومان ئەو ئینقلابەی کە ئامانجی ئازادی و بەختەوەری بۆ تێکڕای چین و توێژ و نەتەوەکانی پێك هێنەری ئێران و مەزهەب و ئایینەکانی ئەو وەڵاتە بوو بە داخەوە بووە مایەی زیان و دەرد و تۆقاندن و ئێعدام و هەڕەشە لە ئازادیخوازان و کەمایەسیە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان.

گەلی کورد کە لە دەسەڵاتی شادا ستەمی بەرینی لێ دەکرا لە ماوەی حوکمڕانی ئاخوندەکاندا، ستەمی بێ بەزەییانە و دوور لە گشت رێ و شوێنە ئایینی و مرۆڤایەتیەکانی لێ دەکرێ، لە ماوەی دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا، کوردستان کەوتۆتە بەر بێ رەحمانەترین هەڕەشە و سەرکوت و سەدان کەس لە رۆڵە ئازادیخوازەکانی کورد ئێعدام و هەزارانی دیکەش ئاوارە کراون. بێ گومان لەگەڵ ئەوەی کە دەبێ شادی بکەین بەبۆنەی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی تێکڕایی و جەماوەری خەڵکی ئێران لە دژی دەسەڵاتی شا، لە هەمانکاتدا، داخ و نیگەرانی قووڵی خۆمان لە بە تالآن بردنی ئامانجەکان و ئاکامەکانی ئەو ڕاپەڕینە لەلایەن ئاخوندە سەرکوتگەرە ملهوڕەکانەوە دەربڕین و هەموو چین و توێژەکان لە سەرانسەری ئێران و تێکڕای نەتەوە و ئایین و بۆچوونەکان، تێ بکۆشین تا رژیمی ملهوڕی ئاخوندی و تالآن کەری ڕاپەرینی جەماوەریی ساڵی ١٣٥٧ی کۆچی خۆری بروخێ و ئازادی باڵ بە سەر ئێران و کوردستاندا بکێشێتەوە.

بە هومێدی ئەو رۆژەی ئاخوندەکان و دەسەڵاتی گەندەڵ و دژی خەڵکیان بە ڕاپەڕینی تێکڕایی جەماوەریی لە ناوبچێ و ئازادی و عەداڵەت و دیموکراسی باڵ بە سەر ئێراندا بکێشێ.

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**
**٢٢ی رێبەندانی ١٣٨٦**

## وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نیگەرانی لە تاقی کردنەوەی سانتریفوژ لە ئێران دەربڕی



رۆژی هەینی ٨ی فیوریە نیکولاس برێنز جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، نیگەرانی لە تاقی کردنەوەی مووشەك و هەروەها دەست پێ کردن بە تاقی کردنەوەی سانتریفوژێکی پێشکەوتووی دەربڕی.

هەواڵدەری رۆیتێرز لە راپۆرتێکدا بڵاوی کردەوە ئەو روداوانە پەسەند کردنی بڕیارنامەی سێهەمی ئابلۆقەکان لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە رژیم بەهێز و خێراتر دەکا.

نیکولاس برێنز رایگەیاند زانیاری لە پێوەند بە لێکۆڵینەوەی رژیمی ئێران لە سەر سانتریفوژێکی پێشکەوتوو لە دەستدایە و دەبێ بزانین کە ئایا ئەو ڕاپۆرتانە راستن یان نا.

ناوبراو زیادی کرد کە ئەو روداوانە زیاد بوونی سەرپێچیەکانی رژیمی ئێران لە بەرانبەر بڕیارنامەکانی شۆرای ئەمنیەت دەردەخا. نیکولاس برێنز ئاشکرای کرد ئەمریکا راستی ئەو ڕاپۆرتانە لە مەڕ تاقی کردنەوەی سانتریفوژی پێشکەوتووی لە ناوەندی ناوکەیی نەتەنز ناسەلمێنێ، بەڵام ئەگەر ئەو ڕاپۆرتانە راست بن، ئەوە جێگەی نیگەرانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە و دەرکردنی بڕیارنامەی سێهەمی ئەنجومەنی ئاسایش خێراتر دەکا.

## روسیە گومانی خۆی لەمەبەستی گەڵاڵە ناوکەییەکانی رژیمی ئێران دەدبڕێ

ئەلکساندر لوسیوکۆ، جێگری وەزیری دەرەوەی روسیە رۆژی چوارشەممە ١٧ی رێبەندان رایگەیاند: هاویشتنی موشەکی ماهوارەهەڵگر لەلایەن رژیمی ئێران، بۆتە هۆی زیاتربوونی گومان و شك و دوودڵی لەمەڕ ناوەرۆکی گەڵاڵە ناوکەییەکانی رژیمی ئێران.جێگری وەزیری دەرەوەی روسیە بە ئاماژە بە هاویشتنی مووشەکی ماهوارە هەڵگر گووتی: هەر نەوعە کارێك بۆ بەرەوسەر بردنی توانا و هێز جێگەی نیگەرانی ئێمە و خەڵکی دیکە دەبێ. لەهەمان کاتدا بە پێی راپۆرتی هەواڵدەری رووسی ئینتر فاکس، ویکتۆر ییسین، سەرۆکی پێشووی هێزە مووشەکیە ئیستراتیژەکیەکانی روسیە، گووتی: حەوادانی ئەو مووشەکە دەری دەخا



(AFP)

کە ئێرانییەکان لەدروست کردنی مووشەکی باڵستیك نزیك بوونەوە، کە لەداهاتوو دا دەتوانن مووشەکی ئەوتۆ دروست بکەن کە لەنێوان ٣٥٠٠ تا ٤٠٠٠ هەزار کیلۆمێتر مەبەستەکانی بپێکێ.

## پێنج ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش و ئاڵمان لە سەر بڕیارنامەیێکی نوێ دژ بە رژیمی ئاخوندی رێکەوتوون

٥ ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش و ئاڵمان لە کۆبوونەوەی خۆیان لە برلین پێتەختی ئاڵمان لە سەر بڕیارۆنامەیێکی نوێی شۆرای ئەمنیەت بە مەبەستی سەپاندنی ئابلۆقەی توندتر لە دژی رژیمی ئێرن رێکەوتن.

فرانك والتر ئشتاین مایر، وەزیری دەرەوەی ئاڵمان لە دوای کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا، فەرانسە، ئینگلستان، روسیە و چین، رایگەیاند، ئێمە لە سەر ئەوە هاوبۆچوونین کە ئێرانێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەراست و هەروەها دوورتر لە خۆرهەڵاتی ناوەراست، مەترسیدار دەبێ. بۆیە ئێمە رێکەوتووین و بەردەوام دەبین لە رێکەوتن کە دەبێ درێژە بدەین بە هەوڵە هاوبەشەکان، بە ئیرادەییێکی تەواو تا ئەوە روونەدات و وەزعی مەترسیدار نەیێتە پێش.

هەواڵدەری ئاسوشیتدپرس لە زمان وەزیری دەرەوەی ئاڵمان گوتی: شەش وەڵاتی ناوبراو لە سەر ناوەرۆکی گەڵاڵەیێك بۆ بڕیارنامەی نوێ کە لەلایەن ئاڵمان، فەرانسە و ئینگلستان ئامادە کراوە و رێکەوتوون کە بەم زوانە دەدرێتە ئەنجومەنی ئاسایش. ئەو گەڵاڵەیە لە چەند حەوتووی داهاتوو لە ئەنجومەنی ئاسایشدا دەکەوێتە بەرباس و لێدوان.

بەرپرسێکی ئەمریکایی لە پێوەند بە رێگریەکان بۆ سەفەر کردن و ڕاگرتنی سەرمایەکان قسەی کردوە، ئەو بەرپرسە ئەمریکاییە گوتی: ئەندامانی بەشدار بوو لەو کۆبوونەوە رێکەوتوون کە ناوەرۆکی رێکەوتنەکەیان بڵاونەکەنەوە.

***

## بۆ هاورێیازانی سازمانی خەبات

سازمانی خەبات رێگەییێکی سەخت و دژوار و هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە تا گەیشتۆتە ئەمرۆ.کادر و ئەندامانی و لایەنگران و دۆستانی سازمان، هەرکام لە ئێمە بە ڕادەییێك ئاگاداری ئەو مێژووە پڕ لەسەروەرییەی سازمان هەین، کە بێ گومان هەموو دەبێ شانازیی پێوە بکەین و هەوڵ بدەین بە روانین لەرۆژانی سەخت و دژواری ڕابردوو کەڵك لە تەجرووبەکان وەربگرین و رێگەی باشتر بۆ پێشکەوتنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی بگرینەبەر و سازمانە خۆشەویستەکەمان کە بێجگە لەخزمەت بە کورد و ئازادی مەبەستێکی دیکەی نیە، بەرەو دواترۆپکی سەرکەوتن بەرین. لەو چوارچێوەیەدا، هەموومان دەبێ ئەو راستیە بزانین کە تەنیا بەکاری بەردەوام و نەبەزی و خۆراگری لەبەرانبەر سەختی و کەم و کۆرییەکان دەتوانین بە ئامانج بگەین، هەر وەك لەرابردوو دا خۆراگری وای کرد بگەینە ئەم رۆژە. بۆیە پێویستە خۆمان زیاتر بار بێنین و هەڵسوورانمان زیاتر بکەین.مەسەلەییێکی دیکە کە چاك وایە ئەویندارانی رێبازی سازمانی خەبات گرینگی پێ بدەن، دووری بکەن لەشەڕەقسە لەگەڵ ئەندامانی جەریانەکانی دیکەی گۆڕەپانی جوڵانەوەی کورد و تێکڕای ئێرانە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، هیچ هێز و لایەن و جەریان و دەستەییێك بە تەرەفی خۆی و بەنەیاری خۆی نازانێ، ئەگەر لەرابردووشدا هێندێك ئاڵۆزی و ناکۆکی و دەم بە دەمە بووبێ، نابێ لەئێستادا و لەداهاتووشدا ئەوە رووبداتەوە. لەهەمان کاتدا هیچ جەریان و لایەن و دەستەییێك بە رەقیب و بەرانبەری خۆی نازانێ و پێی وایە دەکرێ هەموو پێکەوە بۆ خزمەتی گەلەکەمان و بۆ هاتنە دیی ئازادی کار بکەین و ئەگەریش لەئێستادا هاوکاری تۆکمە و توند و تۆڵمان نەبێ، دەبێ هەنگاو بۆ وەدی هاتنی هاوکاری هەڵگرین. کە دەڵێین هیچ جەریان و لایەن و دەستەییێك بە رەقیب و بەرانبەری سازمانی خەبات نابینین، مەبەستمان تێکراپە و وەك گووتمان سازمانی خەبات رێگەی خۆی دەبڕێ و کاری سەرەکی و بنەڕەتی تێکۆشان بۆ هاتنە دی ئازادی و خزمەت بەکورد و رووخانی رژیمی ئاخوندیە، بێجگە لەو ئەرکە سەرەکی و بنەرەتیانە، خۆی لە کاری لاوەکی دەپارێزێ و بە هومێدی خوا و ئیرادەی تێکۆشەرانی، لە داهاتووشدا ئەوە ئامانجی دەبێ.

## بیرەوەری دەساڵەی ئۆتۆنۆمی کوردانی دانیشتوی موسکۆ



بیرەوەری ١٠ ساڵەی ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی کلتووری کوردەکانی دانیشتووی شاری مۆسکۆی پایتەختی رووسیا بە ئامادەبوونی ژمارەییێکی زۆری کەسایەتی ناسراوی کورد و روس و نوێنەرانی نەتەوەکانی دیکە بەرێوەچوو.

ئەو بیرەوەرییە کە لە١٣ مانگی رێبەندان لە کوشکی ماڵی نەتەوەکان بەرێوەچوو، سەرەتا سەرۆکی ئۆتۆنۆمی کلتووری مەتلەب عوسمانوڤ و سەرۆکی ماڵی نەتەوەکان پیتەر لیمپرت وتەیان پێشکەش کرد و باسی ئەوەی کرد کە ئۆتۆنۆمی کلتوری کوردی یەکێ لەرێکخراوەکانی یەکەمی کەمنەتەوەکان بووە کە کاری خۆی لە مۆسكوۆ بە ناوە دەست پێکردووە. جێگەی باسە بە پێی بڕیارێکی سەرۆکایتی رادیوی "دەنگی مۆسکۆ" لەگەڵ هاتنی جێژنی نەورۆزەوە رۆژانە رادیۆکەیان رۆژانە ١ ساعەت پەخشی خۆی بە زمانی کوردی بڵاودەکاتەوە.

***

**تا ستەمم لەسەرە ڕێی خەباتم لەبەرە**